# گەورەیی لە ونبوونی خودا و سەرۆکدا !



-1-

**کامەران عەزیز**
Kamaran91@gmail.com

12.12.2007

**پیرۆزی و گەورەیی خودا بۆیە تا ئێستا لە هۆش و بیری مرۆکاندا ماوە ، چونکە خودا لە عەبدەکانی وونە .. وە ڕۆژێک لە ڕۆژان نە عەبدەکانی توانیویانە خودا ببینن و نە خوداش خۆی پیشانی عەبدەکانی داوە ! ، وە چەندەها پرسیاریش لە دەستوریدا لە عەبدەکانی حەرام کردوە ، کە نابێ لە شێوە و بونی خودا بکۆڵنەوە ؟ کە نابێت پرسیار بکرێت ، کە خودا چۆن دروست بوە ؟ چۆن هاتوە ؟ لە کوێوە هاتوە ؟ عەبدەکان لە پێش خودادا هاتون یان خودا لەپێش عەبدەکانیدا هاتوە ؟! ئەم پرسیارانە و چەندەها پرسیاری دی کە لە بەرائەت و تێڕامانی قوڵ و گەشەی زهرو عەقڵی مرۆکاندا سەرهەڵدەدەن ، بەڵام لە حوزوری گەورەیی خودادا حەرامە !**

**هەر لەسەر ئەم میکانیزمە سەروەرانیش دەیانەوێت گەورەیی و پیرۆزی و تاکە دەستەڵاتی خودا لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی بە بێ پرسیار بگوێزنەوە ، وە جێگە و پێگەی خودا لە گەڵ پێگە و دەستەڵاتی تایبەتی خۆیاندا هاوتاو بەرجەستە بکەن و لە خەیاڵ و وەهمی مرۆکاندا ، بیکەنە واقیعی ئێستای ژیانی مرۆکان ، وە بیسەلمێنن کە ئێمە لە بەرامبەر دەستەڵاتی بەرینی خودادا هەموو عەبدین ، چونکە ئێمە لە بەرامبەر قودەرتی خودادا هیچ و لاواز و بێ دەستەڵاتین ، بەم کارەیان دەیانەوێت ئیرادەو قودرەتی مرۆکان لە بەرامبەر دەستەڵاتی خۆیاندا بچوک بکەنەوە و بیسەلمێنن کە مرۆ بێ دەستەڵات و بێ بەشەکان لە ئەزەلەوە هەروا هاتون ! بۆیە ئەمرۆ و سبەینێ هەر دەبێت کۆیلەی سەرداران و سەروەران بن و ملکەچ و چاوەڕێی ئەوان بن ، چونکە سەروەران خواپیاون و قودەرتمەندن و بە قودرەتی خۆیان و بەپشتیوانی خودا توانیویانە ببن بە خاوەنی سەرچاوەی زۆری پارە و موڵک و بەرهەم و پێداویستییەکانی ژیان ، وە ئەمان وەک خودا بە ڕەحم و میهرەبانی خۆیان ، بە بەخشینی دڵۆپ دڵۆپی سامانی گشتی داگیرکراو دەتوانن بەردەوامی بدەن بە ژیانی عەبدەکانیان ..!**




بۆیە پرسیاری بون و نەبون و سەرەتا و کۆتایی و گۆڕانکاری لە بەرامبەر دەستەڵاتی ، ڕەسوڵەکان ، ئیمامەکان ، سەیدەکان ، پاشاکان ، سەرۆکەکان ، ڕابەرەکان و باوکەکاندا بە موتڵەقی وەک خودا لە بەرامبەریاندا حەرامکراوە ! بۆ ئەوەی وەک خودای بەخشندەو میهرەبان لە ئاسمان ، ئەمانیش لە سەر زەوی ، لە ژیانی دونیایی ، لە چوارچێوەی نیشتمان و دەوڵەت و حیزب و ئیدارە و کارگە و خێڵ و خێزانەکاندا ، سێبەری وەهمی گەورەیی خودا لە جەستەی خۆیاندا کۆ بکەنەوە و فەرزی بکەن بە سەر کۆیلەکانی ژێر سایەی دەستەڵاتی سەردەمەکانی خۆیان ، وە پیشانی بدەن و بیکەنە دەستور کە ئەمان تا ئەبەد هەر دەمێنن ..!

مادەم هەروەک خودا بتوانن ببن بە خاوەنی زەوی و ئاسمان ، ئەوا هەر وەک خودا لە بەرامبەر ویست و داواکاری نەگونجاوی عەبدەکاندا خاوەنی بارینی غەزەب و توڕەیین ! گەر عەبدەکان گوێڕایەڵییان نەکەن ئەوا دەتوانن شەڕ و جەنگ و زیندان و کوشتن و وێرانی و دەربەدەری و بێکاری و بێ پارەیی و برسیەتیان بە سەردا ببارێنن..! تا وەک خودا هەمان خۆف و ترس لە دەروونی عەبدەکانیاندا دروست بکەن ، تا سوجدە و تاعەتی کۆیلەکان بەدەست بهێنن ! دەبێت وێنەی جەهەنم و جەلاد پیشانی دژەکانیان .. عەبدەکانیان بدەن ، وە بە ڕوباری خوێنی عەبدەکاندا بپەڕنەوەو کەللەی سەری عەبدەکان بکەن بە پرد و بە سەریدا بڕۆن ، تا دەگەنە ترۆپکی مەزنی و دەستەڵات ..!

سەرۆک و ڕابەرەکان کە بڕیاریاندا ، بێ سێ و دوو دەبێت ئێمە بڕیارەکانیان بە قوربانیەوە جێ بەجێ بکەین و دەست لە سەر دەست ئامادەی بەرگری و خوێن ڕشتن بین بۆ پاراستنی دەستەڵاتی ئەوان ، بەڵام ئەوان بۆ تەنها ساتێکیش چیە نابێت سەریان ژان بکا بۆ کێشەی عەبدەکانیان و هەرگیز خۆیان ناکەنە قوربانی عەبدەکان چونکە لە ئەمڕۆدا میکانیزمێک باوە کە بچوک و لاواز و نزمەکان و عەبد و کۆیلەکان دەبێت ببنە قوربانی گەورەیی خودا و ڕابەر و سەرکردە و سەرۆک ..!

وە سەرۆک و ڕابەر هەردەم خۆیان بە ڕەوا دەزانن ، بە ناوی عەبدەکانەوە بەڵام بە دزی و بە نهێنی و دوور لە عەبدەکان باس لە ژیانی ئێستاو داهاتوی عەبدەکان بکەن و مەرگ و ژیانی عەبدەکان لە سەر دەستی ئەوان هەر بە خواست و ئارەزوی ئەوان بەبێ ئاگادار بونی عەبدەکان خۆیان ببنە کوێخاو بڕیاردەر و خولقێنەر ..!

سەرۆک و ڕابەرەکان وەک خودا ، بە ڕۆح و دوور لە جەستە لە نێوماندان ، ئێمە ئاگامان لە جوڵە و بزاوتی ئەوان نیە و نازانین چی

دەکەن و  لە کوێن ؟ بەڵام ئەوان لە حەوت تەبەقەی کۆشکەکانیان .. لە بەرزی باڵای دەستەڵاتیان .. لە بەر ڕۆشنایی ڕەونەقی ژیانیانەوە..!! دەبێت  ئاگایان لە تاریکی ژیان و  ویستی هەنگاو  و تورەیی پرسیاری بێدەنگ  و دژە نیگاکانی ئێمە بێت..!

بۆیە عەبدەکان  لە سەرەتای بونیانەوە پرسیاریان بوەو  دەڵێن ئەی پەیوەندی خودا و مرۆکان لە سەر بنەمای  بیری پەیوەندی دەستەڵاتدار و بێ دەستەڵات  و عەبد و خاوەن عەبد بۆ؟! وە نهێنی سوجدە و تاعەت بۆ گەورەیی و پیرۆزی  خودا و سەرۆک بۆ ؟!  وە بەردەوامی ئەم پەیوەندە  دوو دونیا جیاوازە چی یە ؟! وە نهێنی ونبوونی خودا و سەرۆکەکان لە نێو سەرابە شاراوە و داخراو و دورەکان چی‌یە ؟!  بۆ ڕابەر و سەرۆکە نوێیەکان  ، لە سەر بنەمای هەمان ئیلهامی بیر  و هەمان میکانیزمی پێکهاتنی خودا دروست دەبن و نوێ دەبنەوە ؟!


-2-

## گومان .. پرسیار لە دەستەڵات :

مرۆکان کە دێنە ژیانەوە بە پێی ئاستی گەشەی  هۆش و هەستی‌یان ، لە بوندا هەموو بەرکەوتە مادیەکان ، بینراو  یان نەبینراوی دەرەوەی جەستە ، خەیاڵی پرسیار و تێڕامانی بۆ دروست  دەکات . گەر ئەم ژیان و بونە پرسیار لە هۆشی هەر مرۆڤێکدا دروست نەکات ، ئەوا بە زانستی مرۆڤناستی ئەو مرۆڤە لە ڕووی هەست و ژیریەوە ناتەواوە . گەشەی زهری مرۆڤ و گۆڕانکاریەکانی بون و کەون و ژیان و بەرهەمەکانی خودی مرۆڤ  دەبنە کاردانەوە بۆ دروست بون و بەردەوامی پرسیاری مرۆڤ . لە دروستبونی ژیری مرۆڤەوە ، مرۆ نەوەستاوە لە پرسیارەکانی ، هەر لە بونی خویەوە تا ژینگەکەی ، سروشت و گۆڕانکاریەکانی سروشت هۆکاری دروست بونی  تێڕامان و پرسیاری مرۆکان بوە  ، کە توانیویەتی کاریگەری لە سەر هەستی مرۆکان دابنێت  و بیانبزوێنێت  بۆ نمونە  ، سەرما ، گەرما ، باران بەفر ، لافا و زریان ڕەشەبا  ، گڕکان ، تاریکی و ڕوناکی و وەرزەکانی ساڵ ، وە پرسیارە خودیەکانی وەک ئازار و برسیەتی و بۆن و تام و چەشتن ، وەپرسیار لە بون و هەستی خۆێ، پرسیار لە شێوەی جەستەی خۆی .. پرسیاری جیاوازی لە شیوەو ئاستی باڵاو جۆری ڕەنگ ، پرسیار لە تواناو هێز و ژیری خۆی ، پرسیار لەمانەوەو بەردەوامی و بەرگری خۆی لە بەرامبەر کەوندا ،  دروست بونی ئەم پرسیارانە هەموو پیشاندانی بەرگری و بەرەنگاری مرۆکان بوە بۆ پاراستنی نەسڵی خودی خۆیی و  پێشکەوتنی  لە ژیاندا  .

وەپرسیارەکان بەپێ ی ئاستی گەشەی کۆمەڵگاو پێشکەوتن و گۆڕانکاری مرۆکان  نەک نەوەستاوە بەڵکو لە ئاستێکی ڕووکاریەوە بەرەو شاقووڵی زیاتر و زیاتر  گۆڕاوە و ڕۆچوە تا وەڵامێکی قانعیان بەدەستهێناوە .  پرسیارەکانی  کۆمەڵگای مرۆڤایەتی  تا ئاستێک دەتوانین بەراوردی بکەین لە گەڵ  پرۆسەی گەشە و گەورەبونی منداڵ کە بەپێی گەشەی زهر و ژیری و چونە سەری  تەمەنی ، پرسیارەکانی گەشە دەکات و قوڵتر دەبێتەوە بە پێی ئەو کۆمەڵگا و ئاستی ئەو  ژیانەی کە تێیدایە .

ئەوەی لێرە مەبەستمە زیاتر  باسی بکەم ، بێجگە لە پرسیاری مرۆ لە خود و سروشت و مەرگ و ژیان و گۆڕانکاریەکان و زانست و تەکنۆلۆژیا و کاریگەریەکانی ، پرسیاری مرۆ لە دەستەڵاتدارانی حازر. بیری سزا و پاداشت ، بیری  سوجدە و تاعەت و ستایش و بەخشین  ،  لە دروستبونی  ململانێی  دەستەڵاتی نێوان مرۆکانەوە هاتۆتە بون .




بۆیە دەستەڵاتە داخراو و کۆنپارێزەکان ئەو ئامراز و هۆیانەی کە زهری مرۆکانیان جوڵاندوە بەرە و دروستبونی پرسیارو گومانی زانستی لە خودی دەستەڵات ، ئەوا زۆر بە توندی بەرەو رووی بونەتەوە و لە کاریان خستوە و کۆتاییان پێهێناوە .

بۆ نمونە ئەو بەرهەم و چالاکیانەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ڕۆژانەی لە سەر عەقڵ و زهری مرۆکان هەیە ، وتن و نوسین و وێنەو دەنگی ڕادیۆ و تیڤی و ڕۆژنامەو ئینتەرنێتە، لە ژێرسایەی دەوڵەتە دیکتاتۆر و موتڵەق و تاک ڕەهەندەکاندا هەموویان دەستەمۆ کردون و کردویانن بە موڵکی تایبەتی خۆیان یان بە یاسایەکی نا دیموکراتی لە نێو سنور و سانسۆرێکی زۆر توندا چالاکیان بۆ دیاری کردون ، یان فلتەری جاسوسیان کردۆتە پێشگری پەخش بون و بینین و بڵاو بونەوەیان. بۆ ئەوەی پرسیار و گومان بۆ هاوڵاتیان دروست نەکات لە سەر ئەو کێشەو دیاردانەی کە مەترسیان بۆ ماف و خواستەکانیان هەیە . دەستەڵاتە داخرا و و دیکتاتۆرەکان نایەڵن پرسیارەکان لەچوارچێوەی یاساو بەرنامەی سیاسی و ئابوری تایبەت بە دەستەڵاتیان زیاتر گەشە بکات و سانسۆر و سنور ببەزێنن ، چونکە لەو جۆرە دەستەڵاتانەدا ، دەستەڵاتداریەتی لە سەر میکانیزمی تاعەت و بەخشین ، هەر وەک پەیوەندی خوداو مرۆڤ بەڕێوە دەچێت ، واتا تا مرۆکان تاعەت بۆ دەستەڵات نەکەن ئەوا بەردەامی ژیانیان لە مەترسیادیە و هیچیان پێ نابەخشرێت ! ئەوان بڕوایان وایە دەبێت تا مەرگ تاعەت بکرێن و حوکم بکەن بەبێ گۆڕان و جێگۆڕکێ ! وە لە داوی مەرگیش دەبێت ببنە مەزرگای پەرستن و زیارەت و نزا !

بەڵام دەبەنگی و میتافیزیکی دەستەڵاتە بیروکرات و دیکتاتۆر و خۆویستەکان لەوادایە کە مێژووی ئەزمونی مرۆڤایەتیان لە بەرچاو نیە و هەست ناکەن ،کە مێشکی مرۆ ئەو دەزگا و ئۆرگانەیە کە هیچ دەستەڵاتێک ناتوانێت پاوانی بکات و لە کار بیوەستێنێت ، بەڵام دەتوانن بە ترس و جەبر و زەبری دەستەڵاتیان کارکردی زهری مرۆکان خەفە بکەن و دیاردەکانی بۆ زەمەنێک بشارنەوە ، بەڵام کە لە ئەقڵ و دەروونی مرۆکاندا کۆبوەوە ئەوا لە ناکاودا لە زەمەنی پێگەشتوی خۆیدا هەموو پرسیارەکان تەحەمول ناکرێ و زۆر بێبێکانە بەرەوڕووی هەموو ترسناکیەکی دەستەڵات دەبێتەوە و تا ئاستی توند و تیژی و خوێنڕشتن دەڕوات .

دەستەڵاتداران بڕوایان بەبینین و بیستن و هەستکردن و وەرگرتنی هیچ پرسیار و گومان و ڕەخنە و سکاڵایەک نیە کە بەرەو ڕووی دەستەڵاتیان دەکرێتەوە ! دەیانەێت لە ڕێگای کپکردنی ووتن و نوسین و شێواندنی وێنەکان هەموو ئەو پرسیارانە حەرام بکەن کە لە نهێنی دەستەڵاتیان دەکرێت !! وە غەزەب دەبارێنن بە سەر ئەو پرسیارانەی کە لە نەشییاو و نەگونجاوی شێوەی دەستەڵاتیان

دەکرێت ! وە بە ئەو پرسیارانە بێزار و تورە دەبن کە دەستەڵاتیان دەخاتە ژێر گومانەوە ، هەموو هێزێک .. هەموو چەکێک دژ بەو پرسیارانە بەکاردێنن کە دەستەڵاتیان دەگۆڕیت ! ئەوان بکوژی ئەو پرسیارانەن کە پێگەی دەستەڵاتیان لەدەست دەدات ! وە ئەو نوسەر و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تیڤیانە سزا دەدەن و یارمەتی و سەرچاوەی بژێوی ژیانیان دەبڕن گەر پێچەوانەی خواست و ویستی ئەوان چالاکی بکەن و کەلێن بخەنە نێو دەستەڵاتیانەوە، وە لە هەمان کاتدا ئەو نوسەر و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تیڤیانە پاداشت و ستایش دەکەن و کانی پوڵ وپارەیان بۆ دەکەنەوە کە دەبنە مایەی پاراستن و ستایشی دەستەڵاتیان و لە جیاتی ئەوان بە وتەو وشەی نوێ دەستەڵاتیان لە سەر هەمان ویستو مەهامی کۆنی خۆیان ، نوێ دەکەنەوە و پرسیار و گومانی کۆمەڵگا دژ بە دەستەڵات لە سروشتی خۆی لا دەدەن و دەیشێوێنن .

وەک لە بەشی سەرەوەی ئەم نوسینەدا ڕوونم کردەوە ، پەیوەندی مرۆڤ بە خوداوە چۆنەو لە سەر چ بنەمایەک بنیاتنراوە ئاواش ئەم پەییوەندیە گوستراوەتەوە بۆ پەیوەندی کەمینە و زۆرینەی مرۆکان،یان مرۆڤی بێ دەستەڵات و دەستەڵاتدار . وە هەر لە سەر ئەم بنامەیە چۆن پرسیار و گومان لە لایەن عەبدەکانەوە لە خودا و بەرنامە و وتەکانی حەرام کراوە و نابێت باس لە گۆڕین و دەستکاری کردنی بکرێت ، ئاواش پرسیار و گومان لە بەرنامە و یاسا و نەخشەی دەستەڵاتە موتڵەقگەرەکان و خودپەرستەکان حەرامە و بە دەستکاری کردنی لە لایەن مرۆکانی ژێرسایەی دەستەڵاتیان تورە دەبن و بە سزاکانیان وەڵامیان دەدەنەوە .

دەستەڵاتدارانی خودپەرست و دیکتاتۆر لە هیچ کاتێدا بەو پرسیارانە خۆشحال نیین کە وەهمی گرتنە دەستەڵات و بەردەوامی و مانەوەی دەستەڵاتیان ئاشکرا دەکات ! وە بەو پرسیارانە خۆشحاڵ نیین کە پیرۆزی پەیوەندی خۆیان و مرۆکانی ژێر دەستەڵاتیان ئاشکرا دەکات ! وە بە بیرکرندنەوەی بیر و هۆشی ئەو مرۆڤانە خۆشحال نیین کە پێچەوانەی دەستەڵاتیان گەشە دەکات و بیر لە گۆڕان و کەم بونەوە و هاوتای ئاستی دەستەڵاتیان دەکاتەوە ! وە ڕێگە دەگرن لە ئازادی هەر هۆکار و ئامرازێکی وەک ( ڕۆژنامە و تیڤی و ڕادیۆ و گشت میدیا ) سەربەخۆکان ، ئەو میدیانەی کە دەبێتە هۆی شکاندنی دیواری بەرز و ئەستوری نێوان دەستەڵات و هاوڵاتیان و دروستکردنی ڕایەڵ و پرد و دەرگای ئاشکرا و زیندو وفراوان و هەڵماڵینی وەهمی پیرۆزی و پەرستن ..! بۆ گەیاندنی پرسیار و داوا و لێکۆڵینەوە و بە دوادا چونی کێشەکانیان و ئاشکرا کردنی کارەکانی نێو دەستەڵات .